# ئێمە لەحزبی شیوعی کوردستان داکوکی کەرێکی سەرسەختدەبین بۆ هێنانەدی داخوازیەکانی خەڵک و لەگەڵ سەرجەم ئەوناڕەزایەتیانەدادەبین کە بەشێوازی سەردەمیانە و نوێ دەخرێنە ڕوو

کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان
جەماوەری خۆراگری کوردستان
پێشمەرگەقارەمانەکان

16 ساڵ لەمەوبەر دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بەسەر جەم گوند و ناحیەکانیەوە لەبارو دۆخێکی ئاڵۆزدا بەپشتیوانی بەرەی کوردستانی و بەهاوکاری رێکخستنەکانی سەرجەم هێزەسیاسیەکانی ناوبەرەی کوردستانی و دەرەوەی بەرەی کوردستان و هێزە چەکدارەکان لە خۆئامادەکردندا بوون بۆ کۆتایی هێنان بەو رژێمەی ماوەیەکی درێژ بوو لەرێگەی زوڵم و کوشتن و قرکردن و گرتن و راوەدوونان حکومی ئەم وولآتەی دەکرد ، هەر ئەو ئامادە سازییە بوو کە لەرۆژی ( 3/5 /1991 ) خەڵکی چاو نەترس و جەربەزەی دەڤەری بیتوێن لەبەرامەبەر رژێمی دژەگەلی بەعس بەبێ جیاوازی بیر و بۆچوون و رەنگ دەست لەناو دەست بە مەچەکی پۆلایین هاتنە سەرجادەکان وراپەرین ، رۆژی رووناکیان لەپیاوانی بەعس کرد بە شەوێکی تاریک و دروشمی نا بۆ دیکتاتۆر و بەڵێ بۆ ئازادی و بژی بەرەی کوردستانیان دەگووتەوە ، لەترسی جەماوەری راپەري و پەنایەکی ئارامیان شک نەدەبرد بۆ خۆ حەشاردان ، هاووڵاتیانی خۆشەویست ،

لەکاتێدا یادی ئەم رۆژە مەزنە دەکەینەوە کە هەموومان بەعێراق و کوردستان و ناوچەکەش لەبەر دەم ئەگەری رووداني ئاڵوگۆری گرنگ و هەستیارداین کە بارودۆخەکە لێمان دەخوازێ بابەتیانە چاودێرییان بکەین و بەچاوی رەخنە گرانەی بنیات نەرانەوە لێکدانەوەیان بۆ بکەین و بەرژەوەندی باڵای گەلەکەمان لەهەمبەر رووداوە کت و پر و خێراکان لەبەر چاو بگرین و بەوپەری بەرپرسیارێتیەوە خۆمان لەدەوری یەک پرۆژەی هەمەلایەنە کە بەرژەوەندی سەرجەم پێکهاتەکانی تێادا دیاری کرابێت بەبێ جیاوازی لە ئایدیا و بیرکردنەوەیان کۆببینەوە ، هەولەکانمان یەک بخەین لەپێناوی هێنانەدی داخوازیەکان ، کە خۆی لە چاکسازی و پێداویستیە هەنوکەیەکانی هاووڵاتیان دەبینێتەوە وەک خراپی بەرێوەچوونی کارو باری هاووڵاتیان و نەبوونی کارەبا و سوتەمەنی و گرانی و بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستیەکان و کەمی موچە و گواستنەوەی کۆمەڵگای کوردی لە کۆمەڵگەیەکی بەرهەم هێنەر بۆ کۆمەڵگایەکی بێ بەرهەم ، بەئەندازەیەک کە ناتوانرێت ژیانێکی سادەی پێ بەرێ بکرێت ، بەلەبەر چاوگرتنی سەبری شۆرشگێرانەی هاووڵاتیان چونکەتاکوئێستا دەسەڵاتی خۆماڵی بەبەشێک لە خۆیان دەزانن و گرنگی پێدەدەن و کەمترین هەوڵی لەبارچوونی ئەم بارودۆخە لەلایەن هاووڵاتیانەوە هەستی پێ ناکرێت ، هاووکاری حکومەت و دەزگاکانی دەکەن لەپێناو پاراستنی دەستکەوتەکانی راپەرین ، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانیە دەسەڵاتی خۆماڵی هەستناکرێ گرنگی بەم بوارە بدات ، لەلایەکی ترەوە هەرەشە بەردەوامەکانی دەوڵەتانی دراوسێ نارازي بوونیان بەم بارودۆخەی لەکوردستان هاتۆتە بوون تەنگی پێهەڵچنیو ن و لەهەوڵی بەردەوامدان بۆ هێنانەدی مەرامەکانیان و کۆتایی هێنان بە دەستکەوتەکانی راپەرین ، بەلەبەر چاوگرتنی بارودۆخی

ناوچەکەمان کە بۆتە جێگەی هەرەشەکانی تورکیا بە بیانوی جێبە جێکردنی ماددەی ( 140 ) ی ئاسایی کردنەوەی کەرکوک و جێگیربوونی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان  کە پێویستە لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردستانەوەهەڵوێستەی لەسەر بکرێت ، لەلایەکی ترەوە هەست دەکرێت ئەم ناوچەیە گرنگی پێویستی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێنادرێ ، تەنها لەیادی راپەرینە مەزنەکەی ( 1991 ) نەبێت  ، کە ئەویش خۆی لەچەند ووتافێکی رەنگاو رەنگ و بریقەدار دەبینێتەوە ، هەر بۆیە ئێمە لەحزبی شیوعی کوردستان داکوکی کەرێکی سەرسەختدەبین بۆ هێنانەدی داخوازیەکانی خەڵک و لەگەڵ سەرجەم ئەو نارەزایەتیانەدادەبین کە بەشێوازی سەردەمیانە و نوێ دەخرێنە روو لەگەڵ هەستکردنمان بەناسکی ئەوبارو دۆخەی کە کوردستان پێدا تێپەردەبێت  ، لەکۆتاییدا دەخوازین هەرچی زووە حکومەتی هەرێم بەهاوکاری لایەنە سیاسیە تێکۆشەرەکان و جەماوەری راهاتووبەنەفەسی قوربانیدان  ، تێبکۆشێ بۆ هێنانەدی سەرجەم داخوازیەکانی گەلەکەمان کە خۆی لە جێبە جێکردنی  ماددەی ( 140 ) ی ئاسایی کردنەوەی کەرکوک و ناوچەکانی تر ، دانانی نەخشەیەک بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و گەراندنەوەیان بۆ جێگەی خۆیان و بنەبرکردنی گەندەڵي و رۆتین لەدام و دەزگاکانی حکومەت و باشتر کردنی هەموو ئەو پرۆژە خزمەتگوزاریانەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە جێبە جێ دەکرێن ، خۆی بەبەرپرسیار بزانێت لەبەرامبەر گرفتەکانی هاووڵاتیان ، لەساڵیادی راپەرین سڵاو دەنێرین بۆ ئەوانەی کە بەخوێنی خۆیان رۆژی 3/5 یان نەخشاند ، سڵاو لەدەروازەی راپەرین و سەرجەم خەڵکی کوردستان .

کۆمیتەی محلی ئازادی
حزبی شیوعی کوردستان
2007/3/5